

**Ari Ismael**

I write to simplify things

# هونەری
# گەیاندنی پەیامی نەرێنی

لە بزنس و ژیانی کەسی

ariismael

ariismael.com

# دڵنیایی بەخشین وەکو ئاگر وایە

## وشەکان تێڕوانین دەگۆڕن

کاتێك دکتۆرێك دەڵێت [مەترسە ئازاری کەمە] لەشی تۆ چاوەڕوانی ئازار دەکات. ئەم دڵنیایی بەخشینە لێرەدا زەرەری زیاترە لە سوود چونکە لە مێشکی کەسی بەرامبەر سیستەمی ڕاداری مەترسی دەستی بە کارکردن کرد و چاوەڕێی ئازاری کرد.

- کەسێك پێت دەڵێت [نامەوێت دڵت بڕەنجێت بەڵام...] تۆش دڵت دەڕەنجێت
- کەسێکی تر دەڵێت [لەگەڵ ڕێزم بەڵام...] تۆش ڕستەی دوای بەڵامەکە بە بێڕێزی دەبینیت

وشەکان تێڕوانین دەگۆڕن

- [لەگەڵ ڕێزم] = ڕستەکەم بێڕێزی تێدایە
- [بەهەڵە لێم تێمەگە] = تۆ تێگەیشتنت لاوازە
- [تووڕەمەبە] = تۆ کەسێکی زوو تووڕە دەبیت

ئەم وشانە بەناوی [دڵنیایی بەخشین] بەکاردێت بەڵام لەڕاستیدا بریتین لە ئاگادارکردنەوەی نەرێنی. مێشك وەرگرێکی بەهێزە بۆ ئەم جۆری ئاگادارکردنەوەیە. ئەگەر بڵێم [لەگەڵ ڕێزم] ئەوا مێشکت سکانی هەموو ئامرازێك و دەربڕینێکی من دەکات کە لەوانەیە بێڕێزی تێدابێت.

## ئاگادارکردنەوەی نەرێنی = چاوەڕوانکردنی نەرێنی

لە گفتوگۆدا، ئاگادارکردنەوەی نەرێنی چاوەڕوانی نەرێنی دروست دەکات لە کەسی بەرامبەر. ئەم خاسیەتە لە بایۆلۆجی مرۆڤ لە منداڵیەوە دروست دەبێت کاتێك بەردەوام توشی حاڵەتەکانی وەکو [ئەوها نیە، بەڵام ئەوهاشە] دەبێت، وەك لە نمونەکانی سەرەوە باسمان کرد.

## دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان چیرۆکێك دروست دەکات لە مێشك

کاتێك دکتۆرەکان لە منداڵیەوە پێمان دەڵێن [دەرزییەکە ئازاری نیە مەترسە] پاشان هەست بە ئازار دەکەین... متمانەمان بەم قسەیە نامێنێت لە داهاتوو. هەمان شت دووبارە دەبێتەوە کاتێك کەسێك دەڵێت [تووڕەمەبە بەڵام...] پاشان قسەکەی تووڕەمان دەکات. بەپێی کات مێشك سیستەمێك دروست دەکات بۆ سکان کردنی ئاگادارکردنەوەکان کە لەوانەیە ئازارمان پێبگەیەنێت، زۆر جاریش ئەم سکانە توشی هەڵەی بڕیاردان دەبێت.

# هونەری دڵنیایی بەخشین

## لە پەیامەکەتدا نیشانەکانی مەترسی بکوژێنەوە

نیشانەکانی مەترسی بریتین لە هەر ڕستەیەك یان وشەیەك کە کەسی بەرامبەر دەخاتە حاڵەتی بەرگریکردنی خود. بۆ نمونە ئەگەر بڵێیت [تورەمەبە...] ئەوا بە کەسی بەرامبەر دەڵێیت کە چۆن هەست بکات. واتا [تورەمەبە...] = [دەزانم تورە دەبی بەلام قسەی خۆم هەر دەکەم... تۆش پێویستە تورە نەبی...].

لە خوارەوە نمونەکانی پێشوتر دەنوسینەوە بەبێ نیشانەکانی مەترسی.

- [نامەوێت دڵت بڕەنجێت بەلام...]

  ↲ [لەوانەیە قسەکەم دڵت بڕەنجێنێت...]

- [لەگەڵ ڕێزم بەلام...]

  ↲ [لەوانەیە قسەکەم بەبێڕێزی دەرکەوێت لات...]

- [تورەمەبە بەلام...]

  ↲ [لەوانەیە لێم تورەبیت ئەو قسەیە دەکەم...]

ڕستەکانی ڕەنگی سور کەسی بەرامبەر ئامادە دەکات بۆ بەرگریکردن و چاوەڕێکردنی ئەو ئاگادارکردنەوە نەرێنیەی کە پێت بەخشی، بە بەراورد لەگەڵ ڕستەکانی ڕەنگی سەوز کە بەرامبەر ئامادە دەکات [تۆ ڕاست بکاتەوە] بۆ نمونە کەسی بەرامبەر دەڵێت [نەخێر بەپێچەوانەوە تورەبوونی چی...].

## دروست کردنی چاوەڕوانی = ئامادەکردنی وەڵامی مێشك

کاتێك دەمانەوێت پەیامێکی نەرێنی بگەیەنین، چاوەڕوانیەك بۆ کەسی بەرامبەر دروست دەکەین. ئەگەر چاوەڕوانیەکە بریتی بوو لە ئاگادارکردنەوەیەکی نەرێنی [تورە مەبە بەلام...] ئەوا مێشکی کەسی بەرامبەر سەرنجی دەچێتە سەر ئامرازەکانی تورەبوون و بەمەش چانسی تورەبوون بەرزتر دەبێتەوە بە بەراورد بەوەی بڵێین [لەوانەیە تورەبیت...]، وا لەکەسی بەرامبەر دەکەیت تورە نەبێت وە زۆربەی کاتیش خۆی دانی پێدابنێت کە ئەو لە قسەکەت تورە نابێت. ئەم شێوازی پەیام گەیاندنە متمانە و ڕێزی تۆ دەپارێزێت لای کەسی بەرامبەر.

# جیاوازییەکان لە دەربڕین

## ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەمان شتە کە ئەو دەیبیستێت؟

ناوهێنانی هەستی پێشبینیکراوی بەرامبەر جیاوازە لە جەخت کردنە سەر ڕیئاکشنی (کاردانەوەی) کەسی بەرامبەر.

| دەربڕین | کاریگەری |
|---|---|
| • پێت ناخۆش نەبێت بەڵام...<br>• تورە مەبە بەڵام...<br>• بەهەڵە لێم تێمەگە<br>• بەشەخسی وەری مەگرە | دروست کردنی پێشبینی لە کاردانەوە. سنورداركردنی سەربەخۆیی لە هەست کردن. وا لە بەرامبەر دەکەیت هەست بە ملکەچ بوون بکات کاتێك پێی دەڵێیت ئەوها هەست مەکە. |
| • لەوانەیە پێت ناخۆش بێت بەڵام...<br>• لەوانەیە تورەببیت بەڵام...<br>• لەوانەیە بەهەڵە لێم تێبگەیت<br>• لەوانەیە بەشەخسی وەری بگریت | ناوهێنانی هەستی پێشبینیکراو وادەکات بەرامبەر هەست بە قبوڵ کردن بکات. بەخشینی سەربەخۆیی لە هەست کردن بەرامبەر بە پەیامەکەی تۆ. |

## پێم مەڵێ چۆن هەست بکەم

لە ژیانی کەسی و کاردا، زۆر جار پێویست دەکات هەڵەکانی بەرامبەر ڕاستبکەینەوە بە نیەتی یارمەتیدان. گەیاندنی پەیامی نەرێنی پێویستی بە هونەر هەیە. شێوازی دەربڕینی وشەکان جیاوازییەکان دروست دەکات. دەربڕینی کاریگەر و هونەریانە ئەوەیە کە هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی هەستی بەرامبەر نادات، وە وای لێدەکات هەست بە گەورەبوون بکات سەرەڕای وەرگرتنی پەیامێکی نەرێنی. پێشێل کردنی سەربەخۆیی مرۆڤ لە هەست کردن دەبێتە هۆی دروست بوونی بەرهەڵستی، وە بەپێی کات متمانە و ڕێز دەتوێنێتەوە.



**Ari Ismael**
I write to simplify things

# هونەری
# گەیاندنی پەیامی نەرێنی

لە بزنس و ژیانی کەسی

ariismael
ariismael.com